

## بۆ مام ئاكۆی سەرگەردان!

پێم وابوو ئەو هەموو لۆمە و بە گژداچوونەی، كە لە لایەن هەموو چین و توێژەكانی كۆمەڵگای كوردەواری و دڵسۆزانی كوردەوە لە دژی"میم ئاكۆ"ی دژە قارەمان، بڵاو كرانەوە، " مام ئاكۆ " دێنێتە سەر عەقل و لە چەواشەكاری واز دێنیٚ، بەڵام بە داخەوە بۆ حاڵی كردنی مام ئاكۆی دێرفام، دەبیٚ بچینەوە نووك و جارێكی تریش كات و ساتەكانی خۆمانی بۆ تەرخان بكەین، بەڵكوو بەم هات و نەهاتە...دەرفەتێكی تری پێبدریٚ و بێتە سەر ڕیٚ و كەم رێگای لاڕیٚ بگرێتە بەر و لە چەواشەكاری دەست هەڵگریٚ!

بمانەویٚ و نەمانەویٚ برای خراپیش لە روانگەی نەتەوایەتی‌یەوە، هەر هاوچارەنووسمانە. جا چ لەم بەر خەتیٚ چ لەو بەر خەتیٚ، ئەوەی كورد بیٚ و لە كورد بوونی خۆی حاشای نەكردبیٚ لە چارەنووسی نەتەوەیی‌دا جیا ناكرێتەوە.

بە خۆشییەوە " میم ئاكۆ" بە شێوەیەكی رووكەشیش بیٚ، هێشتا حاشای لە كورد بوونی خۆی نەكردووە. خۆی بە دڵسۆزی كورد و دیارانی مەیدانی خەبات، دەناسێنیٚ! لە دەردیی كرمۆڵی كۆمەڵگای كوردەواریش جاڕزە و خۆی گوتەنی نەهێشتنی ئەو دەردە، قوربانی دەویٚ! بەڵام ئەو كرمە كێیە؟ كیٚ ئەو كرمۆڵی‌یە درووست دەكا؟ بێگومان وەڵامەكەی لە لای میم ئاكۆ، دەست ناكەویٚ. م.ئاكۆیەكی بە جێماو، بە دنیایەك گریٚ كوێرە و"گریٚ پووچكانەی" دەروونێكی ناساغ و دوور لە ویژدانەوە، ناتوانیٚ سەرپۆش نەخاتە سەر راستییەكان. چونكا رۆخساری حەقیقەت، لە چاو خواستەكانی ئەو، ناحەز و ناتەبان!!

"مام ئاكۆ" لە دركاندنی راستی‌یەكان، برین هەڵدەگریٚ و ئەوەی ئاوڕێكی لێداتەوە بۆ دەربازكردنیی ، لەو مەنجەلابەی تێی كەوتووە، جنێو بارانی دەكا!! ئەم جارەش لە بڵاوكەرەكەیدا، لە ژێر ناوی "عەشیرەی سكۆلار و پاپوێن لە مل"، ئەوەی سەبارەت بە هەڵوێستی چەوتی ناوبراو، هاتبێتە دەنگ و بەرگریی لە خوێنی سووری شەهیدی رێگای سەربەخۆیی و رزگاری كوردستان كردبیٚ، داویەتە بەر پەلامار!! بەڵام ئەم جارەیان، راستەو خۆ تیر بە شەهیدی رێگای رزگاری كوردستانەوە نانیٚ و لەوەی كە لە جنێونامەكەی بۆ جەلالی مەلەكشادا باسی "كێل"ی شەهیدی نەمر " سەعید یەزدانپەنا"ی كردبوو، پەژیوان دەبێتەوە ودەڵیٚ: " من بێحورمەتیم بە مردووی كەس نەكردووە." لێرەدا مام ئاكۆ دێتە سەر عەقڵ و حەز ناكات لەوە زیاتر، ئابرووی ئاوەڕووت بكریٚ. لەو بوارەدا سوپاسی بە خۆدا چوونەوەی دەكەم چونكا ئەوە هەنگاوێكی باشە بۆ دوور كەوتنەوە لە گەندەڵی و قسە و قسەڵۆك و بۆختان هەڵبەستن بۆ شەهید و نەمرانی نیشتمانەكەمان. هیوادارم پەندیی لە ئاگریی پێنووسی رۆشنبیرانی ناوخۆی وڵات و پێشمەرگەكانی مەتەرێزی رێبازیی شەهیدان وەر گرتبیٚ و هەڵەی وا دووبارە نەكاتەوە.

لە لایەكی دیكەوە بە داخەوە "میم ئاكۆ"ی سەرگەردان نازانیٚ چۆن خۆی لەو "مەخمەسەیە" رزگار بكا. ئاكۆ لەو گێژاوە دەست سازەی‌خۆی و لە كاری خۆ كەردە، رزگاریی نایی! هێندە بە هەڵپە هەڵەپ بابەتەكەمی((بۆ مام ئاكۆی دژە قارەمان)) خوێندبۆوە كە چاوی بە ناوی بچووكی منی پێشمەرگە نەكەوتبوو! ناچار لە سەر داواكاریی خۆی، بۆی دێمە لێدوان هەتا ئەمجارە بە بیٚ هەڵپە هەڵپ و بازدان ناوم بخوێنێتەوە. نووسەری ئەم دێڕانە هەر ئەو كەسەیە كە میم ئاكۆ بە " زرە كور حیسامی" ناوی لیٚ بردووە! بەڵام با لە بیری نەچیٚ بەڵێنی داوە كە :" ((.... هەر كاتێك نوسەرانی عەشیرەكەی" شۆڕشگێڕان" ناوی خۆیان ئاشكرا كرد، ئاوا منیش ئامادەم.)) بۆیە بۆ روونكردنەوەی ئەوەی كە بزانین ئەو كرمە كێیە و كرمۆڵیی كۆمەڵگا، بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ ئەوە ئەز داواكاری‌یەكەی بە جیٚ دێنم و دەیسەلمێنم كە "كرم" نیم با ئەویش ئیسباتی بكا.

ناوی خۆم و دیرۆکیٚ له ژیانی سەربەرزانەی خۆم بۆ مام ئاکۆ باس دەکەم و دەیخەمە بەر چاوی ئەگەر دووبارە خۆی لیٚ گێل نەکا.

ناوم سالار، کوڕی " بابەشێخ حیسامی"م ، ((شەهیدی کوردستان و ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و له دیارانی مەیدانی خەبات، که گیانی پاکیشی له ڕێگای ئامانجه ئینسانییەکانی خۆی و حیزبەکەیدا، دانا)). له کاری هونەریدا هەڵگری نازناوی "س. هیممەت"م. خاوەن پێناسەی ئەندامەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، پێشمەرگەی ڕێبازی سەربەخۆیی کوردستانم و بە داخەوە چونکا ولاٚتەکەم بندەستە، خاوەن ناسنامەی ئێرانی ژمارە "144" م و بەرگەکەشی سوورە. ئەوەش عەکسەکەمە.

به خۆشییەوە له دایکبووی، یەکیٚ له شارە خنجیلانەکانی کوردستانم به ناوی مەریوان. هەر ئێستاش که جەنابت ئەم نووسینه دەخوێنیتەوە، هاو کات ئەوانەش وا له ساڵی 1361 هەتاویدا، هاوخەباتی من بوون له خەباتی نهێنیدا، ئەوکاتەی له چوارڕێیانی " عەدنانی" شاری سەقز، نارنجۆکم بۆ جاش و پاسدار هەڵدەدا, خوێنەری ئەم بابەتەن که کاتی خۆی و له ڕۆژانی ڕزگاری ولاٚتدا ناویان دێنم و هەموویان شاهێدی زێندووی تێکۆشانی منن.

له ڕۆژانی خەبات و هەڵسووڕانی سیاسیدا، لەو ڕۆژانەیدا که زۆربەی هاوڕێیانم تاویٚ له برسان و دەمیٚ له ترسان، ڕێگای هەندەرانیان گرته بەر، له ئامێزی نیشتماندا مامەوە و به درێژایی خەبات و تێکۆشانم، هەوڵی یەکخستن و یەکبوون و یەکگرتنێکی نەتەوەیی، کارنامەی من پێکدێنیٚ.

من بەڵێنی خۆم دەبەمە سەر و مێژوو دڵنیا دەکەمەوە هەتا دوا هەناسەم نەك ڕووکەشی و بە گوتار، بەڵکوو به پراتیك و کردار، بۆ نەهێشتنی ئەو "کرموٚڵی"یەی مام ئاکۆ باسی لێکردووە تێبکۆشم. با مام ئاکـــــــــۆش بەلێنەکەی خۆی بەرێتە سەر و ناوی خۆت بۆ خوێنەران ئاشکرا بکا که هەڵبەت لای ئێمە ئاشکرا و ڕوونە و هەزار مخابن بۆ باوکی وا که کوڕی وای لێبووەتەوە.

ئەگەر له لای مام ئاکۆ، بوێریی، شتێکی نامۆ و ناپەسەندە و هەر له پشت نازناوی جۆراوجۆرەوە خۆی دەر دەخاتەوە، ئەوە با دڵنیای بکەمەوە که چیدی مەجالی دەمە تەقیٚ له تەك خەڵکی گومان لێکراودا بۆ من ناڕەخسیٚ و حەز ناکەم لەم بارودۆخەدا که کورد بەگشتی خەریکی یەکخستنەوەی نێو ماڵی خۆیەتی، باسی شتی لاوەکی بکەم و به مام ئاکۆوە خۆم سەرقاڵ بکەم. هەر بۆیە لێرەدا تێدەکۆشم بۆ دوا جار وەلاٚمی بدەمەوە.

دیسان میم ئاکۆ له بابەتی پاپیۆن نامەکەیدا، دەستی ناوەتە بینە قاقای جەلال مەلەکشا و دەڵیٚ لەقەی له گۆڕی کەسی تـرداوە. به پێچەوانەی مامە ئاکۆی به فیز و بزۆز و له ڕێگه دەرچوو، جەلال مەلەکشا، هەرگیز ویژدانی خۆی بەلاوەنەناوە و لەقەی لەی گۆڕی کەسی تر نەداوە مەگەر له گۆڕی جاسووس و جاش و سیخوڕ. ئەو گۆڕەی جەلال مەلەکشا لەقەی لیٚ داوە با میم ئاکۆ ناوی بەریٚ. ئاکۆ له شتی تر داخ له دڵە. لەوانەیە بۆ خۆی لەو کەسانە بیٚ که سەری بۆ بنارەکان شۆڕ کردۆتەوە و بەزیوە، یان بە هەر بیانوویەك بیٚ له خەم خۆریی نەتەوەکەی دابڕاوە. دەنا مامۆستا جەلال له شێعری "شەهید گوڵە"دا، تەنیا باسی ئەو تفەنگە بەزیوانەی کردووە که له هەوراز بۆ نشێو دەچن.

ئەوانەی له ڕێگای ئازادی و ڕزگاریدا ، گیان له سەر دەست بوون و گۆڕی نەمرانەیان بۆ خۆیان کڕی، کوا سەریان بەرەو بنارەکان شۆڕ کردەوە؟؟ هەمووی ئەوانەی له هەندەران و دوورە ولاٚتن، کوا وەك مام ئاکۆ، کوردایەتییان ڕشاوەتەوە؟؟؟ زۆربەیان له خەباتی حەقخوازانەیان دانەبڕاون و قەڵەم و پێنووسیان، تەواوکەریی چەکی ئێمەی تازە پێشمەرگەیە.

ئەگەر چی نازانم جەنابت میم ئاکۆی؟ دایکی ئاکۆی؟ مام یان "مادر" ئاکۆی؟؟ یان مامە ئاکۆی؟؟؟ بەلاٚم که بێحورمەتی به شەهید و دیارانی مەیدانی خەبات بکەی خەڵکی کورد به گشتی ئاوات دەخوازن به دەردی کۆتەرە دارەوە بچی و منیش یەك لەوانە بووم که بەو ئاواتەوە کۆتاییم به وەلاٚمنامەی "یەکەمم" هێنابوو.

دڵنیام ئەمە دواجارە کاتەکانی خۆم بۆ مام ئاکۆ خەسار دەکەم. مەگەر داوای لێبوردن بکا و خۆی بناسێنیّ و بوێرانە دان بە هەڵەکانیدا بنیّ، لەوانەیە ئەو کات حیسابی لە سەر بکریّ و لە گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی دڵسۆزانە و ئەرکناسانەدا، جێگای ببێتەوە. بەڵام ئەو "جسارت و رشادت انقلابی"یە، لە لای مام ئاکۆ دەست ناکەویّ!! بۆیە ناچارم بە زمانی خۆی بۆی بنووسم هەتا لێم حاڵی بیّ.

م.ئاکۆی سەر لیّ شێواو لە پاپیۆن نامەکەیدا تووشی هەڵەی گەورە گەورە هاتووە!! لە لایەکەوە رێبازێکی رەسەن و شۆڕشگێڕانەی تەواو کوردستانی دەکاتە: "عەشیرەی سکۆلار و پاپیوێن لە مل"! لە شوێنێکی دیکەدا دەڵیّ:

"نەتەوە خوازانی نوێی ناو لە خۆ گۆڕاوان" و دواتریش دەڵیّ :" هەموو نووسراوەکان لە وەڵام بە من "مام ئاکۆ" دراوەتەوە هی یەك نوسەرە، ئەویش حوسینی یەزدانپەنایە".

تا ئێرە با بە کورتی وەڵامی ئاکۆ ناوەکەمان بدەمەوە.

ـــ مامەی سەر لیّ شێواو، بە سەری مبارەکی جەینابتان نا، بە سەریی بیّ سەریی خۆم، ئەو کابرایە وا تۆ بە "پیاوی تۆبەکاری دەرگای ئیتلاعات"ی خۆماڵیتانی دەزانی و "غایەتێکی دەی هەویّ کەسانی تریش بە سووتاو ناو بەریّ "... ئەوەندە ئەرکناس و لێبڕاوە بۆ خزمەت کردن بە نەتەوەکەی کە مەجالی وەڵامدانەوەی مام ئاکۆی نییە. ئەو بیر لە دروست کردنی """هێزی گۆڕان""" دەکاتەوە.

"عەشیرەکەی شۆڕشگێڕان لە رۆژهەلاّتی کوردستان " لە کرماشانی و مەریوانی و کامیارانی و بۆکانی و سابلاغی و سنەیی و سەقزیی و بانەیی و سەردەشتی و نەغەدەیی و پیرانشاریی و ورمێیی...و... باکوور و باشوور، تەنانەت ئەوانەی لە ژێر دەسەلاّتی کۆماری ئیسلامیدان، بە ئیمزا و ناوی واقیعی خۆیانەوە بە بیّ ترس لە ئەشکەنجەگاکانی کۆمارە تیرۆریستەکەی ئاکۆ، مام ئاکۆیان وەك پەڕۆی بیّ نوێژ شوشتەوە.

رووی مام ئاکۆی بەکرە شۆفار، لە رووی قشقەڕەی رەش خراپترە!... لەو قوماربازانەیە وا لە کاتی دۆڕاندا ئەگەر ئەوەکە نەڵیّ دڵی دەتۆقیّ!!

لە چیرۆکاندا دەگێرنەوە دەڵێن: سمۆرە بۆخۆی نیو مەن نەدەبوو کەچی لە دار دەکەوتە خواریّ، دەیگوت: دوو"مەن"م کەم کرد! سەبارەت بە هەڵویّستی سەرکردایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، دەبوا میم ئاکۆ بە مەنی تەورێزی کەمی بکردبا....!

میم ئاکۆ هەر لەو شوێنەدا کە دەڵیّ هەموو نووسینەکان و وەڵام دانەوەکان هی حسەین یەزدانپەنایە دیسان دەلێنێتەوە کە:" نووسەرانی سەرکردە و بەرکردەی عەشیرەکەی شۆڕشگێڕان، هەر کامەیان یەك نەقڵ قەولّ لە سەعیدی یەزدانپەنا دەهێنەوە، کە چۆن رەخنەی لە موجاهید گرتووە....."

مامەی بیّ برازا، مەگەر نازانیّ ئەو هەڵویّستانەی شەهید سەعید لە کاتی خۆیدا و لە سێزدە ساڵ پێش ئێستادا لە ئاستێکی بەرین و بەر فراواندا بلاّو کرانەوە؟ مەگەر نازانیّ کە ئێمەی قوتابیی کاك سەعیدی نەمر، هەمووشمان نووسراوە و و نامیلکە و دەنگ و رەنگی شەهیدی سەرکردەمان لە دڵ و هەناوماندا هەڵگرتووە و شتێکی زۆر ئاسایی‌یە کە ئێمەومانان، نامیلکەی وتوویێژ لە گەڵ هاوریّ سەعید یەزدانپەنا کە مامۆستا و دامەزرێنەریی رێباز و قوتابخانەکەمانە، خوێندبێتمانەوە؟! ئەوەی ئاکۆ باسی دەکا، تەنیا و تەنیا خۆ گێل کردنە و بەس.

چەواشەکاریی و درۆ و دەلەسە و قسەی بیّ سەرەو بەرە، خۆ شاخ و باڵی ناویّ، میم ئاکۆ وێڕای بە درۆ کەوتنەوەی خۆی وخستنە رووی بەڵگە و دیکۆمێنتەکان لە لایەن ئێمەوە، هێشتا گەزە گەزە بە کەپووی خۆی دەکا هەتا بزانیّ چۆن زاریی هەتا کاکیلکە بکاتەوە و" ئەکسی مریم و مەسعوود" بە نێو چاومانەوە بە چەسپی بوختان بچەسپێنیّ؟ هایهووی بیّ فەڕانە و نەگریسیی چەواشەکارانەی میم ئاکۆ، تەنیا و تەنیا لە بەر ئەوەیە کە پێی وایە" لە گیزە گیزی پەنا دووکەڵەکە" دوا کەوتووە و پێشکەوتنی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان و بە جەماوەریی بوونی ئەم رێکخراوەی پیّ

تەحەمول ناکرێ و لێی بۆتە دەردە باریکە! ئێمەش ئەو دەردەمان پێ دەرمان ناکرێ، چونکا جگە لە دەردە باریکەی جەستەیی، لە مێشکی داڕماوی مام ئاکۆ دا، تۆماری مەغزیی و غوددەی سەرەتانی خەبیسەی چەواشەکاریی هەڵیداوە و ئێمە ئەو نەشتەرگەرییەمان پێ ناکرێ هەتا لەو دەردەداری و کرمۆڵییە رزگاری بکەین. با بە شانی چەپ و راستی خۆیدا شاتمان بێنێ و کۆمەڵگا کرمۆڵ نەکا، خەبات و قوربانیدان پێشکەشی خۆی!

ئاکۆ بە گومانەوە دەڕوانێتە رۆشنبیرانی ناوخۆی وڵات و سەبارەت بە لیستی ناوی بەپەرچ دەرانیی غەرەزنامەکەی دەڵێ:

" هەڵبەتە ئەو لیستە بڕێك جێگای سەرنجە کە تا چەند راستە بەلاّم من وەك راست وەریدەگرم....." دەڵێ : "وە لۆکە دەخەنە سەر زامی دڵی ناسکی جەلال مەلەکشا، کە بە ناحەق کەرامەتی هەزاران کەسی زامدار کردوە،.." پرسیار دەکا: " ئەی بۆ تەنگاو نین و نقە ناکەن بۆ هەستی ناسکیان ناتلیسێتەوە و ئاوڕ لە هەزاران دایکی جەرگ سووتاو و هەزاران کور و کچی سەقەت نادەنەوە کە قەلەمی شاعیری لوتکەگر دایاندەپلۆسێ؟ دەبێ لە هەستی ئەم لیستە دروست کراوەدا شکت بێ!"

ئەوە شتێکی نوێ نییە کە میم ئاکۆ حاشا لە راستییەکان بکا یان بیانخاتە ژێر پرسیارەوە! بەلاّم با جارێکی تریش سەری با لە بەرد!

ئەوەی کە نزیك بە هەشتا کەس لە رووناکبیرانی ناوخۆی وڵات، بە ناوی ئەسڵی خۆیانەوە لە بەرامبەر مام ئاکۆی بێ پێناسەدا هەڵویستیان گرت و لەو پەڕیی سەداقەت و راستگۆییدا، بەرپەرچیان داوە، سەلماندی کە هۆشی نەتەوایەتی لە چ ئاست و لە چ قۆناغێکدایە؟ سەلماندی کە ئامانجی پاك و ئاکاری باش، شەکەتی پێدەوێ و خەڵکی کەنفت و کەلەلا، ناتوانن لە بیری نەتەوایەتی دامان تەکێنن.

مام ئاکۆ ناوەکان، سێ لایان لێ تەنراوە و تەنیا ئاخوڕی بکوژانی شەهیدان ماوە سەری لێ هەڵبێنن، با ئەوەش تاقی بکەنەوە و لێیان پیرۆز بێ. دڵنیاش بن هەر چییەکمان لە سەر بنووسن ئێمە بڕوامان بە وە هەیە کە دەبێ گوێ بۆ هەموو کەسێ رابگرین و تەنانەت قسەی پڕوپووچ و بۆختانی ناکەسیش، دەیخەینە سەر سایتەکانی خۆمان. ئێمە لە بەرامبەر دایکی شەهیدان و خەڵکی مەینەت باری کوردستاندا سەرمان بەرزە و لە بەرامبەر ئیرادەی میللی وبڕیاری گەلەکەماندا ملمان لە موو باریکترە. هەڵچوونیشمان تەنیا لە بەرامبەر بکوژانی شەهید و نەیارانی شەهیدانی رێبازی رزگاری کوردستاندایە.

لە کۆتایی دا بە چاکی دەزانم میم ئاکۆ بە زەحمەتی نەزانێ و لە جیاتی دۆمینە و چورت لێدانی نێو کازینۆ بڕوانێتە کارنامەی 13 ساڵەی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەتا بۆی دەر کەوێ کە "عەشیرەی سکۆلار و پاپوێن لە ملێ" چەندە لە دارتاشخانەکەی خەیاڵی مام ئاکۆ دوورە و بۆی دەر کەوێ کە هەڵگرانی ئالاّی کوردستان و عەشیرەت بازی، کوجا مەرحەبا؟

بۆ من جێی پرسیار نییە کە کاك حسەین یەزدانپەنا خزمی پێشەوای نەمرە یان نا. لەوێڕا کە حەز ناکەم لە تەنیشت ناوی پیرۆزیی خۆشەویستانی گەلی کورد، ناویی بڕێسی "خزمایەتی" بێنم ئاماژە بە تەشی رێسەکە ناکەم بەلاّم ئەوەی بۆ روون دەکەمەوە کە "عەشیرەی شۆڕشگێڕان" 12 ساڵ لەمەو بەر لە یادی" کۆماری کوردستان بە رێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر " لە رێوڕەسمێکی تایبەتیدا، لە بنکەی ناوەندیی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان "ئالاّی کوردستان"ی هەڵکرد و لە لایەن سکرتێری گشتی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانەوە ڕاگەیێندرا کە: لەوە بەو لاوە ئالای کوردستان دەبێتە بەشێك لە "هویت" ی سیاسی RUK.

دوابەدوای ئەو هەڵوێستە و هەر لەو وەرزەدا، لە زستانێکی تووش و سەهۆڵبەندان و شەختەبەندێکی دژواردا، نرکە و نارەتەی رۆلەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە لوتکە وبناریی شاخەکانیی کوردستاندا، دەنگی دایەوە و کام

شاخ بەرز بوو ئاڵای کوردستانیان تێدا هەڵکرد. پێشمەرگەکانی کاروانی ئاڵا بە مەشخەڵی داگیرساوی بیری نەتەوەیی، سامی شەوەزەنگی ئەنگوستە چاویان شکاند و لە چەندین شاری کوردستاندا ئاڵای بێگانەیان هێنایە خوارێ و ئاڵای کوردستانیان لە جیاتی هەڵکرد. لەو پێناوەشدا لە پەیژەی گڕ و ئاگر سەرکەوتن هەتا ناوی خۆیان لە مێژووی پڕ سەروەری کوردستاندا تۆمار بکەن.

لە ئەنجامی ئەو جەولەیەدا (20) کەس لە بە ئەمەگترین رۆڵەکانی کوردستان ولە نەبەردترین پارتیزانەکانی یەکێتیشۆڕشگێڕانی کوردستان، لە پاش ئەوەی کە لە دەیان روبەڕووبوونەوەدا هێزەکانی داگیر کەریان شپڕیو کرد و کەلاکی جاش و پاسدارەکانیان بۆ چەندین شاریی رۆژهەلاتی کوردستان و شارەکانی ئێران، رەوانە کردەوە، بە داخێکی گرانەوە، لە گەڕانەوەدا کەوتنە بۆسەی پاسدار و خۆفرۆش وجاشی بە کرێگرتە و گیانی پاکی خۆیان لە شەڕێکی نابەرامبەردا بۆ گەل و نیشتمانەکەیان قوربانی کرد.

جا ئەگەر ئەم فاکتورە مەعنەوییە کە مشتێکە لە خەرواریێ، بەس نە بوو، با مام ئاکۆ ئاگادارم بکاتەوە هەتا مێژووی نزیک بە 14 ساڵی ڕەبەق خەبات و تێکۆشانی بێوچان و تێکەڵبوونی خوێن و عارەقەی رۆڵەکانی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان، لە پێناوی بە هێز کردنی هەست و هۆشی نەتەوایەتی و رزگاری کوردستاندا، لاپەڕە بە لاپەڕە هەڵدەمەوە. هەر ئەو لاپەڕانەی کە مام ئاکۆ، فیشەکی پێوە دەنێ و سووکایەتی بە خوێنی شەهیدانیی دەکا.

دوا قسەم بۆ ئاکۆی قەوان فرۆش ئەوەیە: چیدی شێعری "شەهید گوڵە" نەکاتە قاپۆڕە بۆ بازاڕ گەرمیی دووکانە شکاوەکەی. ئەو دووکانەی کە تێیدا کوردایەتی هەرزانترین کالایە و بیری نەتەوایەتی بێ نرخە و ناسیۆنالیزمی کورد مەحکوومە و ناسیۆنالیزمی ترك و فارس و عارەب، ئازاد و رەهان هەتا سەرە بۆ ناموسی کورد بگرن! وەك ئەوەی وا خۆی لێی ئاگادارە و ئیدزی فیکری و جەستەیییان درووست کرد و ئەو سێکسە بێ قەید و شەرتە حیکمەتییە، یان ئەو چەند سەد جەندرمە ترکە، کە کیژێکی بێگەرد و بێتاوانی کوردیان خنکاند!

دەبوو، زووتر وەڵامی م.ئاکۆ بدەمەوە بەڵام من پێشمەرگەی حیزبێکم کە رزگاری و سەربەخۆیی کوردستانی کردووەتە کاری ئەسڵی خۆی. بەڵام ئەو هێشتا لە کۆڵانەکانی "مارکسیزمی ئینقلابی" و "کۆمۆنیزمی کاریگەری" بەو خەیاڵە مەستە کە لە "مێشکەپە" ویستی بیخاتە چوارچێوەی مەبەست!

سالار حیسامی
2004/10/30